# 11ی سپتێمبەری ئەمریكا بە دیوێكی دیكە .... مەلا جەعفەر گوانی

J_gwani2005@yahoo. com

روداوی 11ی سپتێمبەری ئەمریكا وەرچەرخانێكی گەورە و مێژوویی لە جیهان دروست كرد، جا تا چەندی ئیجابی بوو یان تا چەندی نێگەتیڤ بوو ئەوە مەسەلەیەكی دیكەیە، بەڵام گۆڕانێكی زۆر گەورە بوو، هەر لە دوای چەند رۆژێكی رووداوەكە هێشتا باس لە شەڕی ئەفغانستان و عێراق و شەڕی ئەمریكی بۆ تیرۆر بڕیاریان لەسەر نەدرابوو، لە كۆڕێكدا گووتم ئەوەندەی ئەو كارە زیان بە ئیسلام و موسڵمانان دەگەیەنێت، هیچ كەس و دوژمنێكی دیكەی ئیسلام ئەو زیانەی پێنەگەیاندوون، واقیعیش راستی ئەو رووداوە سەلماند.

وەلی ئەوەی زیاتر مەبەستی منە لەو رووداوەدا ئەوەیە بزانین دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر ئەو كارەساتە پڕ لە تراژیدیایە كە هەموو مرۆڤایەتی هاوسۆز بوو لەگەڵی، ئەمریكا چ گۆڕانێكی بەسەر داهات، چ شتێك بووە قوربانی و چ شتێكیش بووە پێشەنگ؟، پێش ئەو رووداوانە لە رۆژئاوا ـوەك گوێمان لێدەبێت_ پلە یەك بووە و پێشەنگی هەموو مافەكانی مرۆڤیش بوو، هەموو ئایینێك ئازاد بوو، هەموو بیركردنەوەیەك ئازاد بوو، جا ئیدی ئازادی بێك لەو خاڵە پۆزەتیڤانەیە كە رۆژئاوا شانازی پێوە دەكات و لاف و گەزافیشی پێوە لێدەدات، بەڵام دوای چوار ساڵ پاش خوێندنەوەیەكی ورد دەبینین ئازادی قوربانی یەكەمە، ئێستا ئازادی بەو شێوە رەهایەی لە جیهانی رۆژئاوا هەبوو، كەم بۆتەوە بەتایبەتی لەو ولاتانەی لە بەرەی جەنگدان، هەموو كوچە و كۆڵانەكان، هەموو تاكە كەسێك، هەموو شوێنێكی هەستیار و دیار. . . ، هەموو ئەو جێیانە لە ژێر چاودێری دانە، ئەوەش تەنها مانای كەمكردنەوەی ئەو ئازادیەیە كە پێش ئەو رووداوانە هەبوو، ئێستا هەموو بیركردنەوەیەك بە شێوازی پێشتر ئازاد نییە، بەتایبەتی بۆ خەڵكی دەرەوەی ئەو ولاتانە و زیاتریش بۆ ئەوانەی لە ولاتە عەرەبیەكان چوونەتە ئەوإ.

خۆی خاڵێكی زۆر گرنگ هەیە كە لە پێش ئازادی رادەربڕینیشدایە، ئەویش مەسەلەی ئەمنی قەومی و ئەمنی وەتەنییە، كەواتە ئەو گووتەیەی وای دادەنا كە (ئازادی پێشەنگی هەموو شتێكە) میسداقیەتی خۆی لە دەستدا، نەخێر ئێستاكە (پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی پێشەنگی هەموو شتێكە) كەواتە هەموو شتێك دەبێت بە پێی ئاسایشی نەتەوەیی بپێورێت، تۆ ئەگەر ئاساییشی نەتەوەت لە مەترسی و لە ژێر هەڕەشە دابوو، هەرچەندە ئازادی بیروراشت هەبێت و ، مرۆڤەكان بە هەموو شێوەیەك بتوانن مومارەسەی ئازادی خۆیان بكەن، ئەوا ناتوانی سەقامگیری لە ولاتەكەت رابگری، ئەوكاتی ئازادی لە بری ئەوەی خۆشیەك بێت بەلاییێكە بەسەر ئەو میللەتە دەبارێت، مەبەستی من خوانەخواستە ئەوە نییە لەگەلڕ هاتنی رووداوێك یەكسەر دیكتاتۆریەت بێتە كایەوە، چونكە ئەو كاتی ئاساییشەكە پتر دەكەوێتە بەر هەڕەشە، وەك ئەوەی ئێستا لە زۆرێك لە ولاتان هەیە، لەگەلڕ هاتنی رووداوێن یان تەقینەوەیەك خەڵكێكی زۆر دەگرن و تا ماوەیەكی زۆر هەر لێپێچانەوەشیان لەگەلڕ ناكرێت كە بۆچی گیراون، ئەمە زیاتر دلڕەقی ئەو كەسانە بەرامبەر ئەو دەسەلاتە توندتر دەكات، لێرەدا دەبإ ئەوە بسەلمێنین كە هیچ شتێك لە جیهاندا نییە سنووردار نەبێت، هیچ شتێك نییە لە

ئاستێكدا نەبێتە هەڕەشە و مەترسی تا ئەوەی ئازادیش.

حكومەتی هەرێمی كوردستانیش دەكرا ئەو عەقلر و رێسایە پەیڕەو بكات كە دوای رووداوەكانی یازدەی ئەیلول ئەمریكا پێڕەوی كرد، ئەویش بەوەی رێگا لە هەموو جۆرە مومارەسە و بیركردنەوەیەك بگرێت كە دەبنە مایەی دروستكردنی هەڕەشە، لە هەمان كاتیشدا جیاوازی لە نێوان مومارەسەی دروست و نادروست بكات، نەك دوو مومارەسە تەنها لەبەر ئەوەی بۆ یەك شتە بە یەك چاو تەماشا بكرێن، كەواتە ئازادی با خاڵی هاوبەشی نێو تاكەكانی كۆمەڵ بێت، بەڵام لە هەمان كاتیشدا رێگا بەوە نەدرێت كەسێك ئەو ئازادییە ئیستیغلال بكات.

ئێستا لە كوردستان دوو بالر هەن كە مەترسین بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی، ئەركی حكومەتیشە رێیان لێ بگرێت، یەكەم باڵی ئەوانەی مومارەسەی توندوتیژی بۆ ئیسلام دەكەن، ئەوانەی هەڵگری بیری ئیرهاب و تەتەروفن بەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، ئەوانەی دەیانەوێت لاوەكانمان بە هەست و بیری خۆتەقاندنەوە پەروەردە بكەن، ئەوانەی وا تێدەگەن ئیسلام رەتكردنەوەی هەموو رای بەرامبەرە، ئەوانە بەڕاستی هەڕەشەن بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی و ، ئازادی نابێت بە هیچ شێوەیەك بەشی ئەوانەی تێدا بێت، چونكە ئەوانە یەكەمین شت سیمای رەسەنی ئەو میللەتە دەشێوێنن، لە هەمان كاتیشدا بەو بیر و هەستە تەسك و قێزەونەی هەیانە هەر دەرفەتێكیان بۆ بلوێت دەبنە مایەی ترس و بڵاوكردنەوەی دڵەراوكێ لە نێو تاكەكانی كۆمەلر و ، بۆشیان بكرێت گەورەترین زیان بە ئابووری و هەموو دەسكەوتە مەزنەكانی نەتەوەی كورد دەدەن. دووەم: باڵی ئەوانەی بەناوی دیموكراسی و بیری ئازاد و ، بە بیری ئەوەی گوایە شۆرشێكی فیكری زانستی دژی ئیسلام دەكەن، دەست دەكەن بە قسەی ناشیاو و خراپ بۆ سەر عەقیدە و بیر و رای زۆرینەی خەڵكی كوردستان، ئەوانەش بەڕاستی هەڕەشەن بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەیی، چونكە بە هۆی بڵاوكردنەوەی ئەو هەست و بیرە، یەكەمین شت خەڵكی كوردستان كە بەشی هەرە زۆری موسڵمانە و ، پابەندی ئیسلامیشە بە بەڵگەی ئەوەی دەتوانی رۆژانی هەینی مزگەوتەكانی كوردستان بەسەر بكەیتەوە، ئیتر بەو جۆرە گوتارە هەستی ئەو موسڵمانانە بریندار دەبێت و ، رقیان لە حكومەتیان دەبێتەوە چونكە وا تێدەگەن حكومەت لە پشت ئەو قسانەیە بۆیە بەم شێوەیە رێگەیان پێدەدرێت، بەمەش خۆشەویستی لە نێوان حكومەت و تاكی كۆمەلر نامێنێت، هەر كاتێكیش خۆشەویستی لەو نێوەندە نەما، زەرەرمەندی یەكەم حكومەتە، چونكە لە هیچ كارێكدا ئەو خەڵكە هاوكاری حكومەت نابێت، لەوەش زیاتر لەوانەیە خەڵكی زۆر خراپیش حەشار بدەن، لەلایێكی دیكەوەش بە بڵاوكردنەوی ئەم قسانە بە تایبەتی لەسەر ئاستی شاشەی تەلەفزیۆنەكان را بۆ كاری تیرۆریستان خۆشتر دەبێت، چونكە ئەو كاتی بە ئاسانتر دەتوانن گەنجان هەڵبخەڵەتێنن بەوەی شەڕكردن لەگەلر كورد جیهادە و ، خۆتەقاندنەوەش لە نێویان تێكدانی ئەمن و ئاسایش و كوشتنی هاووڵاتیانیان كارێكی شەرعیە و ئەوەش كە خۆی دەتەقێنێتەوە شەهیدە، بەمەش ئەو گەنجە بەستەزمانە ئاسانتر دەتوانێت خۆی بە كوشتی بدات.

بۆیە دەبێت لە هەمبەر پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی دەبێت را لە هەموو ئەو جۆرە بیركردنەوانە بگیرێت، تا ئەوەی ئەگەر لە هەر ئاستێك و لە هەر شوێنێكیش هەڕەشە لە ئاساییشی نەتەوەیی بكرێت دەبێت لێپێچینەوە بكرێت، بەتایبەتی ئێستاكە كەسانێك لە

هەندێك شوێن ئەگەر جێی خۆیان کردبێتەوە پێویستە حکومەت حسابی مەقامەکەی نەکات بەڵکو دەبێت حیسابی ئەمن و ئاسایش بکات.

جیاوازی نەکردن لە نێوان ئیسلام و مومارەسەی هەڵەی توندڕۆکان لە خودی خۆیدا هەڕەشەیەکی مەزنە بۆ سەر ئاسایيشی نەتەوەییمان، چۆن مومارەسەی توند و تیژی هەڕەشەی، جیاوازی نەکردنەوەکەش هەڕەشەیە، کە بە داخەوە تاکو ئێستاکەش خەڵکانێك کە لە ئاستی مەسئولیەت دانینە هێشتا بە یەك چاو سەیری تیرۆریستان و موسڵمانان دەکەن.